# کورد لەدووڕییانی سەربەخۆییو وابەستەییدا. . !

**کەمال ڕەووف**

ئەو نەزمە نوێیەجیهانیەی کەبوشی باوك بەرلەچەند ساڵ لەمەوبەرو دوای کۆتایی هاتنیجەنگی سارد ڕایگەیاند و بانگهێشتی بۆ دەکرد، ئەمڕۆ بوشی کوڕ بەدەستکارییەکی کەمو بەشێوازێکی تر هێناویەتەوەو لەهەوڵی پیادەکردنیایەتی، ئەم نەزمی نوێیە کە لەئاینێکی تازەی سەردەمی عەولەمە دەچێت سەرەتا لەو ڕژێمانەوە دەستپێدەکات کە بەجۆرێك لەجۆرەکان پاش ماوەی کۆن و سەرمایەداریی دەوڵەتین و تاکو ئێستا بەتەواوەتی سەرمایەداری بازاڕی ئازادیان قبوڵ نەکردووە، بەدیوەکەی تردا شێوازی دەسەلاٌتدارێتیان تەقلیدیانەیە و نادیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەمدادەکەن، ئاشکرایە ئەمەریکاش لەوجێگایانە بەهانەی زۆری دەست دەکەوێت تاکو قەناعەت بە خەڵك بکات کە پێویستە لەوشوێنانە ئاڵو گۆڕ ی سیاسی و ئابووری بکرێت، لەیوگسلافیا کێشە ئەتنیەکان هێندە گاریگەر بون کە توانی شەرعیەتی دەستێوەر دان وەر بگرێت، بەلاٌم داکۆکیەکەی لەچارەسەرکردنی کێشەکان هێندە بوو تاکو توانی دەسەلاٌتی ئەوکاتەی میلوسۆفیج هەڵتەکێنیٚ، لەچیچان و کۆمارەکانی تری سەر بەڕوسیاش هێندە بڕی کرد تاکوتوانی بەو جیابوونەوانە دوژمنە تەقلیدیەکەی خۆی پیٚ لاوازبکات و کێشەی سنورو ناوخۆ لەو ولاٌتەدا بەهەمیشە کراوەیی و هەڵواسراوی بەجێهێشت، لە ئەفغانستانیشدا چیتر بەدوای جەنگی ساردا پێویستی بەوە نەما کە گرووپە توندڕەوە ئیسلامیەکان بەخێو بکات و پشتیوانیان لێبکات چونکە چیتر مەترسی پاوانخوازی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەناوچەکەدا لەگۆڕێدا نەما، قبوڵکردنی سەرکردایەتی ئەمەریکا لەلایەن جیهانەوە لەو ئاڵوگۆڕانەدا ئەوەی پێنیشاندا کە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کەئیتر بەشەریکە تەقلیدیەکانی خۆیدا بچێتەوەو شەن و کەویان بکات، ئاشکرابوونی ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا ئەوکاتە ڕۆشنتر بووە وە کەهەوڵیدا لەدوای ڕوداوەکەی 11 ی سێپتەمبەرەوە دنیا بەو شێوەیەدابەشبکات کەسەر بەخێرو شەڕ بێت و شێوە ئاینیەکی بەخشی بەنەزمی نوێکەی خۆی و هەموو ئەوانەی بەلایەنی شەڕ دایە قەڵەم کە لەگەڵ ئەو ئاینە نوێیەدا نەیەتەوە.

ئەمڕۆ لە مەسەلەی لێدانی عیراقدا هەرچەندە وادێتەبەر چاو کە کێشەو گرفتەکان لەسە ر مەسەلەی بەدیموکرا تیکردنی ڕژێمەکان و دژایەتیکردنی تیرۆربێت، گوایە بۆئەوەی ناوچەکەو جیهان ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بەلاٌم لە پشتی ئەم ڕوکەش و بەهانانەوە، ڕاستیەکی تر هەیە کەئەویش جێخستنی نەزمی نوێیە و ئەم نەزمەش دیسانەوە پێویستی بەدابەشکردنەوەی بازاڕو دەستبەسەراگرتنەوەی سەرچاوە سروشتییەکانە بەتایبەتی لەولاٌتانی سێهەمی پاشکەوتوودا، هەربۆیە ئەوولاٌتانەی لەم نەزمیی نوێیەدا دەکرێنە نیشان ئەو شوێنانەن کە ئەمڕۆ توانایی بەرگریکردن و خۆگونجاندنیان نیە لەکەڵ ئەو باهۆزەی کەهەڵیکردوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕژێمانە کەبەسروشتی خۆیان ڕژێمگەلێکی نادیموکراتی و خۆ سەپێنن لەناو خۆ و دەرەوە دەرگیری گەلێك کێشە و گرفتی سیاسی و ئابوری گەورە بوون توانایی باراستن و ڕاگرتنی سنوورەکانی خۆیان نین، لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە لاوازو دژوارانەش دەرکەوت کە ئۆپۆزیسونی لۆکاڵی توانایی ئاڵوگۆڕی ڕژێمەکانی نییە بۆیە لەنەزمی نویٚ و ئاینی تازەدەخوازێت کەلە پرۆسەیەکی چەند ساڵەی پڕ توندوتیژی بەریەککەوتن و پیاهەڵپژان دەستیان تێوەردە درێت وبەمەنتیقی تازەو لەبەرژەوەندی نەزمەکە دنیا ڕێکبخرێتەوە، وا پێشبینی دەکرێت کەسەرەتای ئەم ئاڵوگۆڕانە لەعیراقەوە دەسپێبکات، چونکە ئەمڕۆ ئەم وولاٌتە جگە لەوەی لە لوتکەی سەرچڵی و سەرە ڕۆیدایە لەهەمانکاتیشدا جۆرێك سەربەستی خۆیی لەدەستداوە ودەرگیری قەیرانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلاٌیەتی بووە، پێویستی بەسەرمایە گوزاریەکی گەورە هەیە تاکوبتوانێت هەلومەرجی ژیانی خویٚ ڕیکبخاتەوە کەبێگومان ئەو توانایەش بەهویٚ ژێرخانەدەوڵەمەندە نەوتینیەکەیەوە هەیە، ئەمە دیسانەوە لەگەڵ ئەوەیلەڕوی جوگرافیشەوە سنورەکانی دەبەسترێتەوە بەناوچەی کەنداوی عەرەبی و ئیران و سوریاوە، کەئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان بەشێکن لەو پرۆسە گۆڕان و دەستێوەردانەی کەبریارە لەناوچەکەدا بەڕێوە بچێت، لەهەموو ئەمانەشدا ئەوە لەبەر چاوگیراوە کە جێگەو ڕێگەیەکی باشتر و زامنتر بو ئیسرائیل فەراهەم بهێنرێت، چونکە ئەو دەوڵەتە بچوکە لەناوچەکەدا جێگەو ڕێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە لەناو ئەم نەزمە نوێیەدا کە لەوانەیە زۆر جێگەی بایەختری ئەمەریکا بێت لەو شەریکە تەقلیدیە ئەو ڕو پاییانەی دوێنیٚ، چونکە ئەم دەوڵەتە بەحوکمی کێشەی لەگەڵ ولاتە عەرەبیەکاندا هەمیشە هەستی بەترسێکی لەبننەهاتوی وادەکات کە لەگەڵ سیاسەتی ئێستای ئەمەریکادا خۆی بە هاو بەرژەوەندی بزانێت بۆ لاوازکردن و ئاڵوگۆڕی ڕژێمەکانی ناوچەکە، فەرەنساو ئەڵمانیا کەچێشتر دوولایەنی بەهێزی شەریکی ئەمەریکابوون ئەمڕۆ وادەردەکەون، کەلەگەڵ نەزمی نوێکەی ئەمەریکادا نەبن، لەبنە ڕەتدا نیازو مەبەستەکانیان چونیەك نیە هەریەك لەبەرژەوەندی بالاٌی خویەوە لەهەوڵی ئەوەدان لەژێرچەتری تێزی مرۆڤدۆستیدا بەر بەو هێرشە بگرن کەبەسەرکردایەتی ئەمەریکا بەڕێوەیە، فەرەنسیەکان لەم هەڵوێستەیاندا بەشوێن ئەوەوەن کەداکۆکی لە و بەشە بکەن کەلەدوای جەنگی جیهانی دوەمەوە بەریان کەوتبوو، هەربۆیە لەم هەڵوێستەیاندا هیچ لەوە ناپرنگێنەوە کە بەشێوەیەك لەشێوەکان بکەونە نێو سەنگەری داکۆکیکردن لە تەقلیدیەت و کۆنە پەرستی و پارێزگاریکردنی لەڕژێمەدیکتاتۆرەکان، هەرچی ئەڵەمانیاشە چیتر نایەوێت لەنێو ڕوداو ئاڵوگوڕکانی جیهاندا دەستە پاچەو لە پەراوێزەوە بمێنێتەوە و وەك دۆڕاوی جەنگی جیهانی دووەم چاوی

**لێبکرێت، چونکە ئەمرۆ بەهۆی گەشەی ئابوری و گەورە بونی خا ك و زۆربونی دانیشتوانەکەیەوە و لاوازی دوژمنە تەقلیدیەکە یەوە کەسۆڤیەتی جاران بوو، چیتر پێویستی بە پاراستن و مجامەلەی ئەمەریکاییەکان نەماوە، بە پێچەوانەوە لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەل هەندێك لەوڵاتە ئەوروپیەکان و ولاتانی سێهەمدا قوتبێکی سیاسی و ئابوری دروست بکات تاکوبتوانێت بەم کارەی خۆی لەقەیدو بەندە کانی دۆڕانی جەنگی جیهانی دووەم ڕزگار بکات و وەك لایەنێکی بەهێزو دەرکەوتو ی جیهانی بێتەدەرەوە.**

**لەم ئاڵوگۆڕانەی کەوابڕیارە لە عێراقی دوای دەسەڵاتی سەدام حوسێن بێتە ئاراوە، پێشبینی ئەوەدەکرێت کەدەسەلاتێکی میانەڕەو ی سەر بە ئەمەریکاو ئاینی تازە بێتە ئاراوە لە هەناویشیدا ئەو ئەگەرە سەر هەڵبدات کەخا کەکەی تووشی لەتبون و جیابونەوە ببێـت. ئەمەجگەلەوەی لەلای هەندێکیشەوە پێشبینی ئەوەدەکرێت کە ئیسرائیلی گەورە یان هاوشێوەی ئەو دروست بکرێت، بەلاّم هەموولایەك باش ئەوەدەزانن کە عیراقیکی فرە نەتەوەیی و فرەدینی، هەرگیز ناتوانێت ئەو دەورە ببینێت کەجولەکە لەناوچەکەدا بینیویەتی. بەلاّم ئاشکرایە کە عێراقی دوای سەدام ئەو لایەنەدڵخۆشکەرەیە بۆ ئەمەریکا کە بتوانێت وەك بنکەیەکی سەربازی و وەك هێزیکی بەشەری زۆر بەکاری بهێنینـ لەو ئالوگۆڕانەی کەبریارە دوای عێراق دەستپێبکا ت، ئاشکرایە لەنێو ئەو ئاڵو گۆرانەدا بە پێی بەرژەوەندی تازە گەلێك پێودانی کۆن دەگۆڕێت و هاو پە یمانێتی نوێی سەردەردەهێنێت و گەلێکیش هەڵدەوەشێتەوە، ئەو گرفت و ئاڵۆزیانەی ئەم دواییانەی مەجلیسی ئاسایش و حیلفی ناتۆ ئەوەیان نیشاندا، کەدنیالەسەر لێواری ئاڵوگۆڕیکی گەورەو فراواندایە کەلەوانەیە لەچەند ساڵی ئایندەدا گەلێك دەوڵەت و دەسەڵاتی نویێ سەردەربێنن. بەلاّم ئەوەی جێگەی داخە ئەم جارەش بەهیچ شێوەیەك پێشبینی ئەوەناکرێ کە کورد خۆی بۆ ئەو ئاڵو گۆڕانە ئامادەکردبێت، هەربۆیە نەدە توانرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کەکورد وابەستەیەکی متمانە پێکراو دەبێت ونە سەربەخۆیەکی سەرکەوتووش. . . !**

Kamalrehuf250@hotmail.com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003